# بۆ جەماوەری شەرەفمەندی گەلەکەمان

**پارتی چارەسـەری دیمـوکراتی کوردسـتان**, هەر لەسـەرەتای دامەزراندنیـەوە لـە پێنـاوی **ئـازادی, یەکسـانی, ئاشـتی و دیموکراتیدا** تێکۆشاوەو هەوڵیداوە. لەم ڕوانگەیەوە کە هەڵبـژاردن پرۆسـەیەکە بـۆ دەسـتاو دەسـتکردنی دەسـەڵات و چالاکبوونی ڕۆڵی جەماوەر لەگۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگادا , بەشداریکردنمان لەهەڵبژاردندا وەکو ئـەرکێکی نیشـتمانی و دیموکراتی بینیوە. ئێمە پێمان خۆشبوو و لەهەمانکاتیشدا هەوڵماندا کە لەگەڵ لایەنـە کوردسـتانییەکان و دیموکراتخوازە ئێراقییەکانـدا بەلیسـتی هاوبەش لەهەڵبژاردنـدا بەشداری بکەین, بـۆ ئـەم مەبەسـتە داوامـان لەیـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کـرد کـە لەسـەر بنەمایـەکی دیموکراتی و بەرژەوەندییەکانی گـەل بەیـەک لیست بەشـداری هەڵبـژاردن بکـەین, بـەڵام هەوڵەکانمان بـێ ئـەنجام بـوو. هۆکـاری ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئـەو دوو پارتـە دەنـگ و ڕەنگی جیاواز پەسـند ناکـەن , لەبـەر ئەمـە بڕیارمانـدا بەلیسـتێکی سـەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی 15-12-2005 بکەین. ئەمەش ناو و ژمارەی لیست و ئەو پارێزگایانەیە کە بەشداری تێدا دەکەین:

1- ناوی لیست : **لیستی سەربەخۆی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

2-ژمارەی لیست : 779

3-نـــــاوی ئـــــەو پارێزگایانـــــەی کـــــە تێیـــــدا بەشـــــدارین:

**کەرکوک, هەولێر, دهۆک, سلێمانی, موسڵ, بەغداد, دیالە, سەلاحەددین, دیوانییە, کەربەلا**

**ئەی جەماوەری شەرەفمەند!**

ئێمە یـەکێک بـووین لـەو پارتانـەی کـە دەسـتوورمان ڕەتکـردەوە, گومـانی تێدا نییـە لەبـەر ئـەوەی هاوسـەنگی نەتـەوەیی, ئایینی, مەزهەبی و ڕەگەزی لەم دەستوورەدا پارێزراو نییەو دەسـەڵاتی فیـدراڵی گـەورە کـراوەو دەسەڵاتە هەرێمییـەکانیش بچوک کراونـەتەوە کە لەدەسـەڵاتی سیسـتەمێکی ناوەنـدی دەچـێ, ئێمـە دەسـتوورمان ڕەتکـردەوە. هەربۆیـە یـەکێک لەخاڵـە سـەرەکییەکانی بەرنامـەی کارمـان سەرڕاستکردنەوە (هەموارکردن)ی دەستوورە بەشێوەیەک کە مافی عـەرەب, کـورد, تورکمان, ئاشووری و کلدانی, ئیسلام (شیعەو سووننە), مەسیحی, ئێزیدی, شەبەک, کاکەیی, سابیئـە و ژن و پیـاو بەشـێوەیەکی هاوسـەنگ بپارێزێت. لەهەمانکاتدا کار دەکـەین بـۆ ئـەوەی گـەلانی ئێراق ببنە خـاوەنی سـەروەری خۆیـان و کۆتـایی بـەو پاشـاگەردانی و گەنـدەڵی ئیدارییـە بێـنین کـە باڵی بەسـەر ئێراقدا کێشاوە هـەروەها وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر بە هەموو شێوەکانییەوە.

ئـەی جـەماوەری خـۆڕاگر؛ کاندیـدەکانی لیسـتەکەمان سـەرەڕای کـادیری پارتیمـان چـەندین کەسـێتی سـەربەخۆی تێدایـەو لەلایـەن چەندین پارت و گروپ و ڕێکخراوی مەدەنییەوە پشتیوانی دەکرێین و سەرجەم کاندیدەکان کەسانی نیشتمانپەروەر, دیموکراتخواز, ڕابـردوو پاکن و دەتـوانن ببنـە جێگـەی بـاوەڕی جـەماوەر و بەئەمانەتـەوە نوێنەرایـەتی جـەماوەر بکـەن, و بەڕشـتی کـار بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەو بەرنامەیە بکەن.

هاوڵاتیانی بەڕێز؛ لەکاتێکدا بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنـەکان دەکـەین, لەسـەر بنـەمای پرەنسیپە دیموکراتییـەکان و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان, لەدوای پرۆسەی هەڵبـژاردنیش ئامادەین لەگەڵ فراکسیۆنە دیموکراتیخوازەکانی تـردا هاوپـەیمانی دروست بکەین. هەربۆ ئەمەش بانگەوازی لەهەموو هاوڵاتییەکی نیشتمانپەروەر, دیموکراتخوازو دڵسۆز دەکەین کەبچێتە سـەر سـندووقی دەنگدان و دەنگیش بدەن بە **لیستی سەربەخۆی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**, لیستی ژمارە : 779

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

2005-11-1